**بەش: زمانی کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆ: سەڵاحەددین - هەولێر**

**بابەت: ڕێگاکانی وانەوتنەوە**

**جۆری دەوام: بەیانیان و ئێواران**

**وەرز: دووەم**

**ناوی مامۆستا: نظام حسن رشید + ڕازاو محی الدين عبدالرحمن**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣ ـ ٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | کۆرسی کۆرسات |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | نظام حسن رشيد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی کوردی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: nidham.rhashid@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن 0751 480 4250 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٣<br>پراکتیک: قوتابییان دەرفەرتی بەدواداچوون بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوەیان هەیە لەشێوەی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی بابەت و وانەوتنەوەی خۆبەخش |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br><br>لەحەفتەیەکدا بەنزیکی (1) کاتژمێر بۆ وڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەکان و قسەکردن لەسەر سەرچاوەو بابەتی تری پەیوەندیدار بە وانەکەوە. ئەم کات بەخشینەش بەشێوەیەکی دیاری نەکراو و نافەرمی. |
| 7. کۆدی کۆرس | نیمانە |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە Webpage, Blog, Moodle دەکات<br><br>پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر لەساڵی ٢٠٠٧/٢٠٠٨، وەک یاریدەدەری توێژەر لەهەمان بەش دەست بەکاربووم. پاشان لەچوارچێوەی بەرنامەی تواناسازی لەسالی ٢٠١٠ لەئەنجامی پێشبڕکێدا، بووم بەکاندیدی ڕەوەندی یەکەم بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا/ماستەر لەوڵاتی بەریتانیا؛ لەساڵی (٢٠١١ بۆ ٢٠١٣) توانیم ماستەر لەبواری پەروەردەو ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپلەی زۆرباشەی باڵا بەدەست بهێنم. لەساڵی (٢٠١٣) گەڕامەوە بۆ کوردستان و لەبەشەکەی خۆم دووبارە دەستبەکاربوومەوە، پاشان، بەبەشداریکردنم لە خولی شیانی مامۆستایان بەسەرکەوتوویی، ناسنازی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر)م پێ بەخشرا و لەبەشی زمانی کوردی وەک وانەبێژ دەستبەکاربووم. لەساڵی (٢٠١٥) بەفەرمانی کارگێری وەک بڕیاردەری بەش دەستبەکاربووم و تاکو ئێستا (٢٠٢٣) بەردەوامم. لەساڵی (٢٠٢٠) توانیم لەئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی، ناسناوی (مامۆستا) بەدەست بهێنم. ئەو وانانی تاکو ئێستا وتوومەتەوە، بریتین لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بینین و پراکتیزەکردن، وەرگرتن، دەروونزانی پەروەردەیی، پەروەردەی پێشەنگکاری، پەروەردەی فرەیی) |
| 9. وشە سەرەکییەکان | مامۆستا ، قوتابی، بابەت، هونەری گەیاندن، ڕێگا، شێواز، پۆل، فێرکردن، فێربوون |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:**

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە)
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە
- بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین کردنی هەلی کار

ئەمە لە ٢٠٠ وشە کەمتر نەبێت

گرینگی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هۆکاری ناساندنی گشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و بەش و ڕەگەز و پێکهاتەکانیان. هەروەها چەقی کاری مامۆستا تێیاندا.
هەروەها سەبارە بە ژینگەی پەروەردەیی هۆکارێکە بۆ ناساندنی ژینگە پەروەردەییەکان و هەبوونی پەیوەندییان پێکەوەو کاریگەربوونیان لەسەر یەکتر، ژینگەی قوتابخانەو ڕەگەزەکانی وەك نموونە.
لەلایەکی ترەوە ئاشناکردنی قوتابییان بە ئامانجە پەروەردیی و فێرکارییەکان کە خۆیان لە ئامانجە (مەعریفیی و ویژدانیی و دەروون جولەیی) یەکاندا دەبیننەوە. ئەمەش لەپێناو بەرچاو ڕوونی زیاتری قوتابییان تاکو ببنە مامۆستایەکی سەرکەوتوو. هەروەها کار بۆ ئەو ئامانجانە بکەن.
بەو پێیەی پلان ڕۆڵی گرنگ دەگێرێت لە بەرزبوونەی ڕادەی دەستکەوت لەهەر کارێکدا هەبوونی شارەزایی لە دانانی پلانی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە بەهەند وەرگیاوە. هەروەها فێربوونی چۆنێتی دانانی ئینووسی پلانی ڕۆژانەو کارپێکردنی.
تێگەیشتن لە جیاوازی تاکیی و سوود وەرگرتن لەپێوەری بابەتیی بۆ پۆلێنکردنی قوتابییان و جیاوازییەکانییان و ڕەچاوکردنی لە فێرکردندا، هۆکاری تەندروست مامەڵەکردنی مامۆستایە لەگەڵ فێرخوازەکانیدا.
لێهاتوویی لە کۆنترۆڵکردنی پۆل و کارامەیی لەبەڕێوەبردنی پۆلدا و زانینی هونەرەکانی مامەڵەی دروست و دادپەروەرانە و زانینی کارامەیی بەکارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەکارهێنانی لەپۆلدا دووباەتی تری گرنگن بۆ کەسێتی مامۆستا.
هۆشیاری بایەخی کات و هونەری دابەشکردنی بەپێی گرنگیی و بایەخی بەشەکان.
زانینی چۆنێتی پرسیاردانان و پێوەرەلەبارەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان.
بەرچاو ڕوونکردنی قوتابییان سەبارەت بە کێشە پەروەردەییەکان و فێربوونی هونەری چارەسەکردنیان.
سەرباری ئەمانە، ئەم کۆرسە یارمەتیدەربێت تاکو قوتابی دوای تەواوکردنی بەکەڵك وەرگرتن لەم کۆرسە، کەسێکی کارای نێو کۆمەڵ بێت و لەهەر شوێنێك هەلی کاری بۆ ڕەخسا ئامادەی خزمەتکردن بێت

**11.** ئامانجەکانی کۆرس

**بەسەرنجدان بۆ داهاتووی دەرچووانی بەشی کوردی لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە پیشەیان وانەبێژیی دەبێت لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان، لە پسپۆریی وتنەوەی بابەتی کوردی. کەواتە، ئەم کۆرسە سێ تەوەری سەرەکی بەئامانج دەگرێت، تاکو لە میانەی ئەو سێ تەوەرەدا قوتابیان وەك مامۆستایەکی ئایندە ئامادە بکات. ئەو سێ تەورەش بریتیین لە:**

**یەکەم: شارەزاکردنی قوتابییانە بەبنەما گشتیی و سەرەکییەکانی پیشەی وانەبێژی، وەك پێداویستییەك تا لە کرداری وانبێژیدا پێڕەوییان لێبکرێت و کەڵکیان لێوەربگیرێت.**

**دووەم: ئاشناکردنی قوتابییان لەبارەی گرنگترین ڕێگا کۆن و نوێیەکانی وانەوتنەوە. ئەمەش بەو پێیەی کەوا مامۆستای وانەبێژ پێویستە ئاگاداری هێڵەگشتییەکانی وانەبێژیی و ڕێگاکان و شێوازەکان و ستراتیجییەتی ئەم پرۆسەیە بێت.**

**سێیەم: زانیاری پێدان و ڕاهێنانی قوتابییان لەسەر چۆنێتی ڕێگەکانی زمانی کوردیی و لقەکانی لە قۆناغی بنەڕەتیدا. ئەمەش لەبەر ئەوەی کەوا قوتابییانی قۆناغی سێیەم ئەم بەشە پیشەی سەرەکییان وتنەوەی زمانی کوردییە لە قۆناغی بنەڕەتیدا.**

**12.** ئەرکەکانی قوتابی

**پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە ڕاڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا)**

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە

1. **ڕێگای ئامادەکاریی (طريقة المحاضرة)**
2. **ڕێگای پرسیار و وڵام (طريقة الإستجواب)**
3. **ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة)**
4. **ڕێگەی ڕێژنەی هزری، (کاراکردنی قوتابی لە بیرکردنەوە لە ڕوی ئاسۆیی و ستوونی).**
5. **پێڕەویکردن لەڕێگەی بەگرووپ فێرکردن، بەڕەچاوکردنی شوێن و بابەت**

**تێبینی:- ئەم ڕێگایانەی سەرەوە لەبەرچاو گیراون و بە گونجاو زانراون تا لە میانەیاندا وانەی ئەم کۆرسە بوترێتەوە. بەڵام سەبارەت بەشێواز، هەوڵدەدەم پێڕەویی لەباشترین شێواز بۆ هەریەکەیان بکەم و کەڵك لە شێوازی تایبەتی خۆم وەربگرم.**

**14.** سیستەمی هەڵسەنگاندن

**یەکەم: لە (٤٠ ٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:**

1. **١٥%   تاقیکردنەوەی یەکەم**
2. **١٥%   تاقیکردنەوەی دووەم**
3. **١٠% چالاکی و بەشداریکردنی قوتابییان لە بابەتەکە بەیەکێک لەم بژاردانەی لای خوارەوە:**
   - **وتنەوەی وانەیەک لەقوتابخانەبنەڕەتییەکان و تۆمارکردنی بە شێوەی ڤیدیۆیی**
   - **وتنەوەی وانەیەک لەکۆلێژ لە نێو هاوڕێکانی خۆت، بەڵام بۆ قوتابییانی بنەڕەتی (ڕوونکردنەوە لەمباریەوە)**
   - **چاوپێکەوتنی لەگەڵ (٣ بۆ ٥) مامۆستای بەئەزموون و شارەزای قوتابخانە بنەڕەتییەکان لەبارەی پیشەی مامۆستایەتییەوەو نووسینی ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە.**
   - **بینیی (٣ بۆ ٥) وانەی کوردی مامۆستای جیاواز لە قوتابخانەبنەڕەتییەکان و نووسینی ڕاپۆرتێکی بەراوردکاری بۆ دیاریکردنی باشترین ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستا.**

**دووەم: (٦٠%) ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی ناوەندی کۆتایی ساڵ، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.**

**15.** دەرئەنجامەکانی فێربوون

خوێنکاری بەڕێز..

وەرگرتنی ئەم کۆرسە بەتەواوی لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەو مەرجەی ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە بەشداری تێدا بکەیت و بەدواداچوونت هەبێت بۆ سەرچاوەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە گەش دەکەیت، کە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:

یەکەم: لایەنی مەعریفی: ئەم کۆرسە زانیاری و چەمك و زاراوەیەکی زۆرت پێ ئاشنا دەکات سەبارەت بە پیشەی مامۆستایەتیی و ڕەگەز و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پەروەردەو فێرکردن و هونەرەکانی وانەوتنەوە.

دووەم: لایەنی دەروونی: تەواوکردنی ئەم کۆرسە هێزێکگی دەروونی باشە بۆ متمانەبەخۆبوون، ئامادەیی ویزدانی و شەیدایی بۆ کارکردن لە پیشەی مامۆستایەتیی. ئەمەش بە هۆی رچەشکێنی بەربەستەکانی وەك ترس و شەرم لەکاتی گفتوگۆ و پێشکەشکردنی بابەت.

سێیەم: بواری کۆمەڵایەتی: ئەم کۆرسە فێری هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکانت دەکات. هەروەها هانت دەدات کە کارلێکی ئەرێن و گونجانی تەندروست بکەیت لەگەڵ ئەو شوێن و ناوەندەی کە تێیدا دەست بەکاردەبیت.

چوارەم: هەلی کار: بەتەواوکردنی ئەم کۆرسە قوتابی ئامادەیی ئەوەی بۆ دروست دەبێت کەوا لەهەر شوێنێك هەلی کار هەبێت نزیك لەتایبەتمەندییەکەی، ئەم لێی سوودمەند بێت و بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**16. لیستی سەرچاوە**

**یەکەم/ سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**


1. شێوازە نوێیەکانی گوتنەوەی زمان، د. سمیع أبو مغلی، (وەرگێر لەعەرەبییەوە پ.ی.د. ئیبراهیم قادر محەمەد)، هەولێر/ چاپخانەی منارە ـ 2008
2. بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کەریم ئەحمەد عەزیز، هەولێر/ چاپخانەی نارین ـ 2014
3. ڕێگاکانی گوتنەوەی ئەلف و بیٚ، مستەفا محمەد زەنگنە ، د. ئیبراهیم قادر محەمەد ، شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، هەولێر/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ 2001
4. سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەولێر/ چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم ـ 2008
5. مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟ محەمەد صالح پێندرۆیی، هەولێر/ چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم ـ 2010
6. المدخل إلى طرائق التدريس العامة، أ. د. فاضل خليل إبراهيم، دار إبن كثير للطباعة والنشر/ جامعة موصل ـ 2010. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/554)
7. طرق التدريس العامة، د. عبدالرحمن عبدالسلام، دار المناهج/ عمان ـ 2001. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/112)
8. طرائق التدريس: منهج – اسلوب – وسيلة، د. ردينة عثمان الأحد ، د. حذام عثمان يوسف، دار المناهج/ عمان ـ 2004. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/311)


**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**


1) المرشد المعاصر إلى أحدث طرائق التدريس وفق معاير المناهج الدولية، د. نعمان عبدالسميع المتولي/ دار العلم والإيمان ـ 2012. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/610)
2) الموسوعة الحديثة في التربية والتعليم: اعداد المعلمين–التخطيط التربوي–الإدارة المدرسية–الإشراف التربوي، د. محمد عبدالعزيز الشفوي ، د.طنطاوي دنيا ، د. نجوى طارق جادالله ، محمود حسين جميل، دار العلوم الحديثة، الطبعة الرابعة، موصل ـ 2000. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/232)
3) مراعاة مبادئ الفروق الفردية وتطبيقها الملية في تدريس التربية الإسلامية، د. ناصر أحمد خوالدة ، يحيي اسماعيل عبد، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2005. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/478)
4) معلم الصف وأصول التدريس الحديث، د. عبدالقادر مراد، دار الأسامة/ عمان ـ 2005. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/251)
5) أساليب وطرق التدريس اللغة العربية وإعداد دروسها اليومية بالأهداف السلوكية، د. فؤاد أبو الهيجاء، دارالمناهج/ عمان ـ 2001. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/110)
6) الإستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال، محسن علي عطية، دار الصفا/ عمان ـ 2008. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/127)
7) كفايات التدريس: المفهوم–التدريس–الأداء، د. سهيلة محسن كاظم فتلاوي، دار الشروق/ عمان ـ 2003. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/269)
8) علم النفس التربوي، د. رؤوف محمود القيسي، دار الدجلة، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2008. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/513)
9) إدارة الصف المدرسي، الأسس والإجراءات، د.طارق عبدالحميد البدري، دار الثقافة/ عمان ـ 2005. (کۆدی پەرتووکخانەی کۆلێژ، 370/461)

10) إدارة الصف المدرسي، أمل عبدالسلام خليلي، دار الصفاء، طبعة الأولى/ عمان ـ 2005. (كۆدی پەرتووكخانەی كۆلێژ، 370/64)
11) التربية العملية بين النظرية والتطبيق، د. محمود حسان سعد، دار الفكر، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001. (كۆدی پەرتووكخانەی كۆلێژ، 370/138)
12) أساسيات في التربية العملية، د. عمر عبدالرحيم نصرالله، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001. (كۆدی پەرتووكخانەی كۆلێژ، 370/106)

| **17. بابەتەكان** | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|

**یەكەم/ ناساندن و خستنەڕووی بابەتەكە. هەروەها بایەخ و گرنگییەكانی و باسكردنی پاساوە بەجێیەكانی هەبوونی ئەم وانەیە، لەوانە:**

1. ڕەگەز و پێكهێنەرە سەركییەكانی كرداری پەروەردەو فێركردن: مامۆستا ، بابەت و پرۆگرام ، ڕێگەو شێوازەكانی وانەبێژی ، قوتابی ، قوتابخانە.
2. ئامانجە پەروەردەیی و فێركارییەكان: ئامانجە مەعریفییەكان ، ئامانجە ویژدانییەكان ، ئامانجە دەروون جوڵەییەكان.
3. وانەبێژیی چالاك، (التدريس الفعال) و مەرج و پێداویستییەكانی.
4. ناسینی كێشە پەروەردەییەكان و لەبەرچاوگرتنی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان، نموونەی (قۆپییەكردن–ئامادە نەبوون–شەرمكردن–جوڵەی زۆر–شەڕانگێز...تاد)

**دووەم/ بنەما گشتیی و پێویستییەكانی پیشەی وانەبێژی لە هەر قۆناغێكدا، نموونەی:**

1. هەبوونی شارەزایی لە دانانی پلانی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە. هەروەها چۆنێتی دانانی تێنووسی پلانی ڕۆژانە.
2. تێگەیشتن لە جیاوازی تاكیی و پێوەری بابەتیی بۆ پۆلێنكردنی قوتابییان و ڕەچاوكردنی جیاوازییەكانیان لە كرداری فێركردندا.
3. لێهاتوویی لە كۆنترۆڵكردنی پۆل و هونەرەكانی مامەڵەی دروست لە بەڕێوەبردنی پۆلدا.
4. زانینی كارامەیی بەكارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەكارهێنانی لەپۆلدا.
5. هۆشیاری بایەخی كات و هونەری دابەشكردنی بەپێی گرنگیی و بایەخی بەشەكان.
6. زانینی چۆنێتی پرسیاردانان و پێوەرەلەبارەكانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان.

**سێیەم/ ئاشناكردنی قوتابییان بە گرنگترین ڕێگا كۆن و نوێیەكانی وانەوتنەوە كە پەروەرشیاران بە پێی ئەزموون تائێستا پێی گەیشتوون. لەگەڵ خستنەڕووی تایبەتمەندیی و لایەنی بەهێزیی و لاوازیی هەریەكەیان.**

**أ.ڕاڤە و پێناسەو سنووری چەمكەكان:**

ڕێگەی وانەبێژی (الطريقة) ، شێوازی وانەوتنەوە (الأسلوب) ، ستراتیجی وانەوتنەوە (الإستراتيجية) ، پەروەردە (التربيه) ، فێركردن (التعليم) ، وانەبێژی (التدريس)) خاڵی لێكچوو و هاوبەشیان.

**ب. ڕێگەكان:**

-1 ڕێگەی ئامادەكاریی (طريقة المحاضرة  Lecturing method)، پێناسە، بنەماكانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی، باشییەكانی، كەم و كورتییەكانی.

-2 ڕێگەی گفتوگۆ (طريقة المناقشة  Discussing method)، پێناسە، بنەماكانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی، باشییەكانی، كەم و كورتییەكانی.

3- **ڕێگەی فێرکردنی بەهەرەوەزی (التعلم التعاوني - Cooperative learning method) پێناسە، بنەماکانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، باشییەکانی، کەم و کورتییەکانی.**

4- **ڕێگەی پرسیارو وڵام (طريقة الإستجواب Questioning method) پێناسە، بنەماکانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، باشییەکانی، کەم و کورتییەکانی.**

5- **ڕێگەی ڕێژنە بارانی هزر (عصف الذهني Brainstorming method)، پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەیەو بایەخ و گرنگییەکانی.**

**چوارەم/ زانیاری پێدان و ڕاهێنانی قوتابییان لەسەر چۆنێتی ڕێگەکانی وتنەوەی زمانی کوردیی و لقەکانی لە قۆناغی بنەڕەتیدا.**

1. **لقەکانی زمان: پێناسە، بەشەکانی، هەبوونی پەیوەندییان پێکەوە.**
2. **شارێگەکانی وتنەوەی ئەلف و بێ: ڕێگەی (پێکهێنانەوەیی–ڕێگەی شیکردنەوەیی).**
3. **خوێندنەوە: پێناسە، جۆرەکانی (خوێندنەوەی بێدەنگ – خوێندنەوەی بەدەنگ – خوێندنەوەی بە گوێگرتن)، فێرکردنی خوێندنەوە بۆ پۆلی (1، 2، 3، 4)ی بنەڕەتی.**

6- **ڕێنووس (الإملاء): پێناسە، جۆرەکانی و ڕێگەکانی وتنەوەیان.**

4. **خەت: پێناسەو بایەخی خەت، ڕێگەی گوتنەوەی ئەم لقە.**
5. **ئەزبەرکردن: بایەخ و پێناسە، ئامانجەکانی، هەنگاوەکانی وتنەوەی ئەزبەرکردن.**

7- **دەربڕین (التعبير): بایەخ و گرنگیی دەربڕین، جۆرەکانی دەربڕین و ڕێگەکانی وتنەوەیان، هۆکارەکانی بەهێزکردنی دەربڕین.**

6. **ڕێزمان: گرنگیی و بایەخی ئەم لقەی زمان، ڕێگەی وتنەوەی ڕێزمان.**

18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)

**قوتاب**ی پێویستە بابەتێك بە یەكێك لەم رێگایانەی باسمان كردووە بە شێوەیەكی پراكتیكی بلێتەوە لەناو كلاس،
قوتابی پیویستە بە بەکار هینلنی چالاکیەکانی گوتنەوەی زمان وانەیەکی پراکتیکی لەناو کلاس بلێتەوە.
سەردانیکردنی قوتابخانە بنەرەتیەکان

19. **تاقیکردنەوەکان**

1. دارشتن: بۆ نموونە: لەپێناو بەرجەستنبوونی کارامیی دارشتن و پرسیاری وتاریدا، دەکرێت هەندێك جار بەم شێوەیە پرسیار بێتەوە: (بەدەبڕینێکی ئەدەبیانەی زانستی ڕوونی بکەرەوە "ڕێگاکانی تاقیکردنەوە بۆ؟"
2. **راست وچەوت:** ئەمە ڕوونە و ڕوونکردنەوەی ناوێت.
3. **بژاردەی زۆر:** ئەمە ڕوونە و ڕوونکردنەوەی ناوێت.

20. **تێبینی تر**

قوتابییان دەتوانن نزیك لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی نێو ئەم کۆرسە بووکە، لەچوارچێوەی کۆرس بووکەکە دەربچن و بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکە، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانە بکەن کە من باسم کردوون..

21. **پێداچوونەوەی هاوەڵ**

**پ.ی.د. ئیبراهیم قادر جاف و د. هەڤاڵ حسێن سعید**